

## سەلوا گولی:

# دیموکراسیەتی ئێمە هەڵەیە

کۆوار

سەلوا گولی، جگە لەوەی شاعیرێکی ناسراوی دەڤەری بادینانە، هاوکات وەك ژنێکی تا ئاستێك بوێر و یاخی بەرامبەر ترادسیۆنی داسەپاو دەرکەوتووە، وەك خۆی وتەنی هەر لە منداڵیەوە نەیهێشتووە هیچ کەسێك بەرامبەری بوەستێتەوە. بەبڕوای سەلوا ئاسان نییە



کەسێك بەرامبەر هۆزو ماڵباتەکەی ئەو هەڵوێستە وەربگرێت و لە دەرەوەی ئیرادەو تێڕوانینی ئەوان بیربکاتەوە، بەتایبەت ئەگەر ماڵباتەکەشیان ئاینداربێ و پابەندبێ بە دابوونەریتەکان. ئەو لە وەلامی ئەو پرسیارەی، ژنی کورد پێویستە لەچی یاخی بێت و چۆن ڕووبەڕووی کولتوری دواکەوتووانەی کۆمەڵگاکەی ببێتەوە، باس لە ئەزموونی خۆی دەکات و دەڵێت" من نموونەیەکم لە دەڤەری دهۆك، هەر لە منداڵیەوە نەمهێشتووە کەس بەرامبەرم بوەستێت، بەلام هەرگیز نەشمهێشتووە ئەوان لە من تووڕە ببن، لەبەر ئەوەی ئەوانیش پارچەیەکن لە کۆمەڵگا، ئێستا من بەرامبەر عەشیرەت و ماڵبات و پیاو شۆڕش ناکەم، تەنها بەرامبەر دەسەلات نەبێ. ئێستا وەك جاران نییە، ئێمە ولاتمان هەیە و لەسەردەمێکی مودێرن دەژین، لەسەر هەر ژنێك پێویستە هەموو داواکاری و خواستەکانی خۆی بەشێوەیەکی یاسایی بخاتە بەردەم پەرلەمان و بتوانێ ژیانی خۆی مسۆگەر بکات و لە دەستووردا بیانچەسپێنێت" . ئەو زیاتر وتی" من تەنها بە قسەوگوتن لە پیاوان و ڕاگەیاندنی کوردستان باوەڕ ناکەم، من ئازادی و یەکسانیم دەوێ، زۆرداریش لە کەس قبوولْ ناکەم، ئێمە (ژن و مێرد یان نێر و مێ) نۆ مانگ لە نێو سکی دایکی خۆماندا ماوینەتەوە، نە پیاو لە ژن زیاتر ماوەتەوە و نە ژنیش لەو زیاتر ماوەتەوە. ئێمە هەردووکمان بە ڕووتی لەدایك بووین و هاتووینەتە سەر زەوی" . لەوەلامی ئەوەش ئاخۆ چۆن درکی بەنەهامەتییەکانی سەر ژنی کورد کردووەو یەکەم وێنەی چەوساندنەوەی ژنی کورد، کە هەرگیز لە زاکیرەی ناسڕێتەوە، چ وێنەیەکە، سەلوا گوتی" پاش ئازادبوونی کوردستان، زانیم ژن چەند ئازار دەکێشێ و چەند بێ ماف و بێ بەهایە. لەم چەرخەدا، رۆژنامە، تیڤی، رادیۆ، هەموویان باسی بەدبەختی ژن دەکەن، نازانم پێشتریش ئەوها بووە یان من منداڵ بووم و هیچم لەو شتانە نەزانیوە. هەرچەند زۆر ئەفسانە و چیرۆکم لە سەر ژیانی کورد خوێندوونەتەوە، جاران ژنی کورد لە هەر بارێك سەرکەوتوو بووە، بۆیە شانازی پێوە دەکەم، ئەوەی لە دەستی ژنی کورد هاتووە کردوویەتی، تا ئێستا کەم ژنی

_ لەدایکبووی شاری دهۆکە.

_ بەزمانەکانی کوردی و سوێدی دەنووسێت.

_ ئەندامی ماڵی قەڵەم _ سوێد.

_ ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد_ دهۆک.

_ نوێنەری خانەی قەڵەم _ کوردی، ئەڵمانی.

_ ئەندامی یەکێتی ئافرەتان لە سوێد.

_ ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لە سوێد.

_ چەند کتێبێکی شیعری بە چاپ گەیاندوون.

_ کۆمەڵێک شیعری بۆ سەر زمانەکانی ( ئەڵمانی، سوێدی، فارسی) وەرگێڕدراون.

_ رۆمانێکی لە زمانی سوێدییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

ئەورووپایی ئەوەی کردووە. من لە وڵاتێکی ئەسکەندەناڤی دەژیم و زۆر لەسەر ژیانی ژنانم خوێندۆتەوە، بەڵام لام روون بووە کەس وەك ژنی کورد ژیانی خۆی لە دەست نەداوەو بۆ ئازادی وڵاتی خۆی و بەڕێوبردنی ماڵباتی خۆی کاری نەکردووە. بەداخەوە ئێمە نازانین لەناو ژیاندا دیموکراتیەت چییە، نازانین بەڕاست دیموکرات بین، تەنها بە درۆ نەبێت، دیموکراتیەتی ئێمە هەڵەیە.

ئەو هەر لەم رووەوە کە ئاوڕ لە رابردوو دەداتەوە شانازی بە ژنی کورد دەکات و دەڵێت" ژنان لە هەموو رووێکەوە ئازاریان کێشاوەو بەدبەختی زۆریان بینیوە". سەلوا لەم بارەیەوە نموونە بە ماڵباتی خۆی، لەنێویشیاندا دایکی هێنایەوە و گوتی" من کچێکم لەناو ماڵباتێکی شۆڕشگێڕ گەورە بوومە، باوکم لە زیندانی رژێمدا بووە، دایکم ئەرکی بەخێوکردنی ئێمەی گرتۆتە ئەستۆ و ئێمەی بەخێو کردووە، لە هەمانکاتدا دایکم یارمەتی شۆڕشی داوە. ئەمە بەو مانایەی ژنانی کورد لە مێژووی شۆڕشەکانی کوردستاندا نەهامەتی زۆریان بینیوەو رۆڵیان هەبووە، هەروەها گەلێك ئەرکیان لەئەستۆ دابووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك ژنێکی بێگانە دەبینین زۆر باسی دەکەین و وەك ژنێکی ژیر وێنای دەکەین، بەپێچەوانەوە پەنجە بۆ زیرەکی و لێهاتوویی ژنی کورد درێژ ناکەین و مافی خۆی پێنادەین". بە بڕوای سەلوا لەناو میللەتی کورددا تەنها هێرۆ خان، هاوسەری مام جەلال هەقی خۆی پێدراوە.

بەو پێیەی ئەو زیاتر وەك دەنگێکی یاخی و رەتکەرەوەی ترادسیۆنە باوەکان ناسراوە، لێمانپرسی ئاخۆ بەتێڕوانینی خۆت چەند خۆت بەدەنگێکی یاخی دەزانیت؟ ئەو وتی" من نامەوێم جارێکی دیکە پێمبڵێن سەلوا فێمینستی خۆی بەکار هێنایەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ژنان پێویستیان بە شۆڕشێکی فیکری و رۆشنبیریی هەیە، لەسەر سیستەمێکی نوێخواز. بەڵام پێویستە یەکەم شت خودی خۆی باوەڕی بە خۆی هەبێت، نەك تەنها بڵێت من مافی خۆم ئەخوازم. کومەڵگای ئێمە پێویستی بە زۆر شتە هەیە، پێویستی بە کەسانی زانا هەیە، بە مرۆڤی خودان بیر و باوەڕ، پێویستە هەندێك پرەنسیپ هەبن بۆ ئەوانەی لە سیاسەت و کاروباری کۆمەلآیەتیدا ئیش دەکەن، چونکە لە وڵاتی ئێمەدا بە شێوەی ئەکادیمیك ئیشەکان بەڕێوە ناچن. تۆ دەتوانی هەموو ئیشێك ئەنجام بدەی و لەبازنەی کاری خۆت دەربچیت، لەگەڵ هەر ژنێك قسە بکەی، خۆی وەك بەرپرسی هەموو ژنان دادەنێت، لەگەڵ هەر بەرپرسێك قسە بکەی، خۆی بە بەرپرسی هەموو حکومەت دەزانێت. لێ کەس لە کاری خۆی پسپۆڕ نییە، دەبێ هەر کەس ئیش بکات، خۆی باش ئامادە بکات و لە کاتی رەخنەگرتنیشدا لە دەسەلآت ئالتەرناتیڤی باشتری هەبێت. سەلوا گولی وەك ژنێکی کورد کە چەند ساڵێکە خەریکی شیعر نووسینەو خاوەنی چەند دیوانە شیعرێکەو کۆمەڵێك شیعریشی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئەڵمانی و سوێدی و فارسی، لەو دیمانەیەی

گۆواردا سەبارەت هەوڵەکانی لەو بوارەو چۆنیەتی خۆبینینەوە لەنێو دنیای شیعر و کایەی نووسین دەدوێت و دەڵێت" من هەڵبەستم هەڵنەبژاردووە، بەڵکو ئەو بە ئارەزووی خۆی منی هەڵبژاردووە". لەوەلآمی ئەو پرسیارەشدا، ئاخۆ بۆچی پەنای نەبردۆتە بەرکایەیەکی دیکەی ئەدەبی؟ ئایا وەك خولیاو خۆشەویستی خۆی لەنێو جیهانی شیعر دۆزیوەتەوە؟ یان ویستوویەتی وەك دەنگێکی مێینە لەرێی شیعر لە ئێش و ئازارە خەفەکراوەکانی ژنی کورد بدوێت، ئەو وتی" قەت نە ئەدەب و نە رۆژنامەگەری لە خەیاڵمدا نەبووە، هیچ جارێك بیرم لەوە نەکردبووەوە رۆژێك ببم بە هەڵبەستڤان، یان ڕۆژنامەنووس، بەڵام هەڵبەست خۆی منی هەڵبژاردووە، لەماوەیەکی زۆر کەمدا هەڵبەستەکانم جێگای خۆیان گرت و وەرگێڕدراونەتە سەر چەند زمانێکی دیکەش. هەنووکە من خۆم شیعرم، شیعریش هەر منم. من هەڵبەستم و هەڵبەستیش هەر منم. عاشقی پەیڤی کوردیم و عاشقی هەستی ناسکم. ناشتوانم شیعر بنووسم ئەگەر من خۆم نەناسم. ئەوەی پەیوەندی بە دەنگی مێینەشەوە هەیە، کێشەی من نییە، دەنگی مێ لەناو شیعردا هەبێ یان نەبێ، من نابم بە بەرپرسی ژنان تا دەنگی ژنان بەرز بکەمەوە. من ژنێکی هەستیارم، هەستی خۆم دەنووسم وەك ژن، کاتێك شیعر دەنووسرێت نازانێ ئەمە مێیە یان نێرە، ئێمە خۆمان ناو لێ دەنێین مرۆڤ". لەوەلآمی ئەو پرسیارەش ئایا سەلوا زیاتر شیعر بۆ عەشق.. یان مرۆڤایەتی.. یان ژن دەنووسێ؟ وتی" لەم ساڵەدا یەك دوو شیعرم لە رۆژنامەکاندا لە سەر عەشق بلآو کردوونەتەوە، زۆر کەم لەسەر عەشق دەنووسم، زۆرینەی هەڵبەستەکانم لە سەر خەم و پەژارە و غەریبی و وڵات و ئازاری ژن و ژیانە".

## زۆرداری قبووڵ ناکەم

## ژنێکی هەستیارم



